# خۆکوژی گەنجان و بەرپرسیارێتی دەسەڵات

خۆکوشتن، دوا بڕیاری مرۆڤەو مەترسیدارترین بڕیارێکە کە مرۆڤ بیری لێئەکاتەوەو کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ، بەڵام (بۆچی و کەی و لە کوێ و کێ) ئەوانە هەمووی پرسیارگەلێکن کە لەمبارەیەوە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئاراستەی ئەو دیاردەیەی دەکەن. ئەگەر خۆکوشتن لە حاڵەتەوە بووبە دیاردەو ڕێژەکەی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرز بۆوە پێویستە حکومەت و بەرپرسان گڵۆپی پرتەقاڵی داگیرسێنن و زەنگی مەترسی لێبدەن، کەواتە خۆکوشتن تراژیدیترین و جەرگبڕترین ڕووداوێکە کە لە وڵاتدا دەقەومێ. بێگومان، ئەوەی ڕاستییە لەمبارەیەوە ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە لە کوردستاندا بۆتە دیاردەو ڕێژەکەی زۆر بەرز بۆتەوە، پێویستە دەسەڵاتی کوردی خۆڵ نەکاتە چاوی کەسەوەو دیزە بەدەرخۆنەی نەکات و لە کەسی نەشارێتەوە کەوا لە هەندێک جێگاو شوێن و دەڤەری کوردستاندا، ئەم دیاردەیە بۆتە کارێکی ڕۆژانەی گەنجان، بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانیدا، لەناو شاری سلێمانی، لە دەربەندیخان، لە ناوچەی پشدەرو ڕانیەو بتوێن، لە شارەزوور، دیاردەی خۆکوشتن زۆر بەرەزە.. تەنانەت لە دەربەندیخان درەختێکی پیرۆز کە جێزرگەو مەزاری ئیمام محەمەدە بۆتە درەختی خۆ هەڵواسین و مەرگی نەوجەوان و گەنجە جوانەکانی دەربەندیخان. زۆرینەیان کوڕی گەنجی بیست ساڵانن، کچی گەنجیش هەمان شێوە هەر ڕێژەیەکی مەترسیدار پێکدێنن لەو گەنجانەی خۆیان دەکوژن و بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە. بەڵام بۆچی؟ من ئۆباڵی ئەو خۆکوژییە تراژیدییە دەخەمە پاڵ دەسەڵاتی کوردییەوە؟؟ ئایا ئەمە تۆمەتەو لەخۆوە دەمەوێت دەسەڵات؛ واتە حکومەت و حزبەکان تۆمەتبار بکەم و بڕایەوە. ئایا دەمەوێت چاو دابخەم و کوێرانە فیشەک بە تاریکییەوە بنێم و خۆم بکەم بە دوژمن و نەیارێکی تفت و تاڵی ئەم دەسەڵاتەو ئیدی بە چەپ و ڕاست پێی بکێشم و شەلم کوێرم ناپارێزم بە چاک و خراپەکانی ئەم دەسەڵاتەدا بدەم؟!! یان مەسەلە واقیعییەو ئێمەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی هۆکارەکان بە هێند وەردەگرین نەک دەرەنجامی ئەم حاڵەتە کە بۆتە دیاردە. ڕەنگە زۆر کەس هەبن بڵێن: ئەی ئەوە نییە لە فینلاندو ئەمەریکاو ژاپۆنیش ئەم حاڵەتە بۆتە دیاردەو جیهانی گرتۆتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە کوردستاندا خۆکوشتن یان خۆ سووتاندنی کچان و ژنان خاڵەت بووەو لێرەو لەوێ و ساڵانە دەقەومان و ڕوویاندەدا. ئەمڕۆ لەژێر سایەی ڕاپەڕین و ئازادییەوە کەشوهەوایەکی بێسەروبەرەو بێنەوبەردەی داهات و بوودجەی بێشوماری خەڵکی کوردستان کەوتۆتە ژێر چنگی حزب و دەسەڵاتی کوردییەوە کە بێبەرنامەڕێژی و بێ هەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی ئەو داهاتە زەبەلاحەدا و قۆرخکردنی لە لایەن پێنج سەد بەرپرسی مەکتەب سیاسییەکانی ئەم نیشتمانە هەشبەسەرەدا، ئەو ژیانە تاقەت پڕوکێنەی دروست کردووە کە بەر لە هەر کەسێک گەنجان هەستی پێدەکەن.

بەدرێژایی ئەم نۆزدە ساڵە، نە حزب و نەحکومەت و نە پەرلەمانی کوردستان هیچ پرۆژەیەکیان نەبووەو نییە، باس لە بە کۆنکریت کردن و خۆشگوزەرانکردنی ژیانی



گەنج و نەوجەوانانی کورد بکات!! زۆرینەی زۆری گەنجی کوردستان نەمری و نەژی خوێندن تەواو دەکەن و لە خێزانی هەژاردا بەبێبەشی ومەحرومانەوە دەگوزەرێن و بگرە هەیانە بە درێژایی هەفتەیەک تاقە یەک هەزار دیناری پێ نییە، لەکاتێکدا بە بێبەرنامەو بێسەروبەرە، بازرگانەکانمان ( کە زۆرینەیان بەرپرسن) بازاڕیان پڕ کردووە لە ئامێرو کەرەستەی کارەبایی و ئەلکترۆنی، کە پێش هەموو کەسێک گەنج خەونی پێوە دەبینێ و حەز بە موڵکداریی مۆبایل و لاپتۆپ و شاشەی فلات و سەیارەی مۆدێل بەرزو چی و چی دیکە دەکات کە بێ ئەندازە بازاڕەکانمانی سیخناخ کردووەو گەنجانی چاوچنۆک و بێسەبرو بەرژەوەندخوازو پارەپەرست کردووە. هەلی کەمی کارو دامەزراندنی گەنجان بەبێ تەزکییەی حزبی و واستە، هەروەها کەمی و نەبوونی شوێنی حەواندنەوەی هەرزان و شوێن گۆڕەپانی یاری بە نرخێکی هەرزان و سەر بە کەرتی گشتی و حکومی، ئەو کەشوهەوایەی دروست کردووە کە یەکەمین زەبرێک لە گەنج بدرێت و هەست بە حیرمان و بێئومێدی و خولانەوە بکات لە بازنەیەکی بەتاڵدا. نەبوونی بەرنامەو پرۆژەی پەرلەمان و حزبە دەسەڵاتدارەکان لە هەمبەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری گەنجدا، حاڵەتێکی هەتیوی بەرەڵابوونی لای گەنج دروست کردووە کە زۆرینەیان پێیان وایە کە دەسەڵات کار بۆ مەیسەر کردنی ژیانی ئاسایی و ئاسانکاری بوارەکانی دامەزراندن و هاوسەرگیریان ناکات.. گەنج دەناسم چونکە بێ پشتو پەنان و حزبی نین و کەسیش ناناسن، چوار ساڵە پەیمانگەی گەشتوگوزاری تەواو کردووەو دانەمەزراوە، لەکاتێکدا کوردستان وەکو سویسرا جێ و شوێنی گەشت و هاوینەهەواری هەیەو دەکرا سوود لەو بوارە وەرگیرێت. دروستکردنی کارگەی ئاسانی وەکو مافوورو چنین و جگەرەو دۆشاو و مرەباو زەیت و شامپۆو سابوون کە پێش ڕاپەڕین و لە سەردەمی دیکتاتۆردا هەبوون ئێستا پووکاونەتەوە دەکرا دابمەزرایەو بە لێشاو گەنجان لەو شوێنانە کاریان بکردایە.. دەشکرا لە تەنیشت ئەو کارگانەوە( وەکو هەندەران) گۆڕەپانی یاری و پرۆژەی نیشتەجێبوون (بە شێوەی قیست) دابمەزرایە ( کە من ئەو پرۆژانەم پێشکەش بە زۆرێک لە بەرپرسان و وەزیری لاوانی پێشوو، سەرۆک وەزیرانی ئێستا/ لە ڕێی سایتەکەیەوە/ کردوون وو وەڵامیان نەبووە.

ئەو ڕیکلامانەی لە تەلەفزیۆن نیشان دەدرێن و ڤێلاو شووقەو خانوو بۆ دەوڵەمەندەکان مەزاد دەکەن، گەورەترین کاریگەری سەلبی و خراپ بەسەر دەروونی گەنجەوە بەجێدێڵن، بەڵام کوان ڕاوێژکارو دڵسۆزو میهرەبان و ژیر لەم حکومەت و حزبانەی کوردستاندا.

زۆرن ئەو دەرفەت و هەلانەی کە پێویست بوو بەر لە کوڕانی بەرپرس و بنەماڵەکانیان، بەر لە بیناو ئاپارتمانە هەڵکشاوەکانی شارو هەزاران دۆنمە زەوی و کۆشک وتەلارەکانی ناویان و شەوانی سووری بەر ئاگری سەماکاران، دەبوو پرۆژەی ژیان خۆشی و ئاسانکاریی گوزەران بۆ گەنجی هەژارو نەداری زۆرینەی کوردستان بڕەخسایە، بەڵام بەرژەوەندیخوازی و بیری تەسکی حزبایەتی و خزمایەتی و ماشینەوەی داهات و بوودجەی زەبەلاحی کوردستان کە بۆ خەڵک و دانیشتوانی ئەم هەرێمە دابینکراوە، ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی و ناشەفافییەت و لێنەپرسینەوەی گەندەڵ و پەراوێزکردنی توێژی بەرفراوانی گەنجان کە ( 63%) ی دانیشتوانمان پێکدێنن، بۆتە هۆی بێئومێد بوون و لە هیوابڕانی گەنجانێک کە زۆرینەیان هەژارن و بێ پشتو پەناو ناحزبی و سەربەخۆن، بۆیە ئەوان دەستگێڕو عەرەبانە بەدەست و شۆفێری تاکسییە بێشومارەکانن کە هەر دە کەس و یەک تاکسیان بەردەکەوێت و لەوەشدا قازانجی بەرپرسەو زەرەرو زیانی گەنجان.. بە کورتی: قورساییەکی زۆرو زەوەندە لەسەر گەنجانە، خەرجی و مەسرەفیان لەم گرانییەدا ( کە ئەویش لە ئەستۆی دەسەڵاتە) ئەوەندە زۆرە کە ناتوانن پاش خوێندن دابمەزرێنن بەبێ واستەو تەزکیەی حزبی، ناتوانن خولیاکانیان لە کەلاوەکانی شارو شارۆچکەکاندا ( لە جیاتی گۆڕەپان و مەلەوانگەی گەورەی حکومی) مەیسەر بکەن.. ناتوانن سەفەرێک و گەشتێکی ئاسایی بکەن بۆ ناوەوەو دەرەوەی وڵات کە سەرەکیترین مافی مرۆڤە لەسەر زەوی.. ناتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری مەیسەر بکەن، چونکە تێچوونی زۆرەو شوێنی نیشتەجێیان هەرگیز بۆ دابین ناکرێت (هەرچەندە بەقسەی ئەم حکومەتە بێت خانوو یان شوقەی هەرزان بۆ کرێچییەکانمان پاش ماوەیەکی زۆر کەم حازر دەبێت..(کەواتە گەنج لەژێر فشارێکی زۆر گەورەدایە، بەڵام کە نە حکومەت و نە حزب و نە ڕیکخراوەکانمان ڕاپرسی و تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ نەکەن، کێ دەتوانێت بچێتە ژێر پێستەوەو ئەم هەموو ڕەزالەتییەی گەنجانمان هەست پێبکات.. پیاوی تێر ئاگای لە برسی نییەو پیاوی دەوڵەمەند بێزی نایەت تەماشای هەژار بکات.. پیاوی حزبیش پەرۆشی هاووڵاتی نابێت.



حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

سەرچاوە:
ماڵپەڕی دەنگەکان

# ڕۆڵی ئافرەت لەڕیکلام و بازارگانی لەژێرسێبەری ئازادیدا

کەس ناتوانی پێناسە یەکی تەواو پوخت بکات کەشایانی گەورەی ئافرەت بیت،لەگەڵ ئەوی کە ئافرەت خاوەن هەست وسۆزێکی ناسکە لە ژیان بەردەوام بەرامبەر ئازارو کێشەو ئەرکەکانی خۆڕاگرە،بۆیە ناکرێ بەهیچ شێوەیک بێ ڕێزی بەرانبەر ئافرەت بکرێت. بەڵام لەجیهانی ئەمڕۆ زۆر بەزیرەکانە ولێهاتووی بێ ڕێزی بەئافرەت دەکرێت.گومان لەوەدانییە وەڵاتانی ئەوروپا،بەتایبەتیش وەڵاتانی ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا توانیویانە ئازادیەکی بەرچاو بۆ هاوڵاتیان دابین بکەن.لەنێوئەو ئەو ڕوەشە ئازادییەدا ژنانیش لەوەڵاتانی ئەروپا لە زۆر ئاستی ژیان وبواری کاردا ڕۆلێکی بەرچاویان هەیە.ژنانی ئەوروپا مافیان هەیە بەتەنیا بژین وکاربکەن وخۆیان بژێن بەبێ هێچ کۆسپوئاستینگەیێک مافی خۆپاراستن بەرامبەرپیاوان جائەو پیاوە هەرچی ئەو ژنە بێت مافی دەنگدان وخۆ هەلبژاردنیان هەیە.بەکورتی ژنان لە ئەوروپا دەستیان لەکۆمەڵێک مافی گرینگ گیر بووە لە کاتێکدا لەزۆر شوێن ونیشتیمانی دیکەی جیهان ئەم مافانە خەونێکە هێشتا نەیان بینیوە. بەدڵنیایەوە ئەم ژنانە بەخۆرای بەم مافە نەگیشتون،خەباتیان بۆ ئەم مافانە کردوە،بەگشتی ئاشکرایە ئەم ئازادیەی هەست پێ دەکرێ بەڵام دیارە چەوساندنەوەی دوورو درێژی ژن هەوڵ دانیان وای کردووە لەدەستوری ئەم وەڵاتانەدا کۆمەڵی بەندی متمانە پەخش بە قازانجی ژن هەبن. ئەوانەی باسمان کرد ئەم هەموو ئەم هەموو ئازدیە لە ئەوروپا بۆتە جێگای نیگەرانی بۆ ژنانی چالاکی خواز چونکە بەردەوام بەناوی ئازادیەوە کۆمەڵێک ڕەفتاری بەد ڕەوەشتی دژی ژنان ئەنجام دەدرێ واتە ئەم ئازادیە خراپ بەکاردەهێنری ئەگەرچی بنەماکانی ئازادی وبەکارهێنانی ئازادی ئاشکران وناکرێ بەناڕەوا بەکاربهێنرێت.بەڵام لەوساتەوەی مرۆڤ لەڕووی زەوی هەیە بەردەوام لە ململانی دایە.ڕیکلامیش ڕۆلێکی سەرەکی هەیە کەلە ژێر ئاسمانی ئازادی لەدژی ژن بە کاردێت ئەو ڕکلامانەی ڕۆژانە بڵاو دەکەرینەوە بۆ گەرم کرنی بازارەکان وبەهێزکرنی داهاتی خاوەن کۆمپانیاکان وبازرگانەکان لەگشت ڕۆژنامەوtvوشەقامەکان دەبینرین زۆرینەیان ژن وجەستەی ژن دەکنە بەهەوێنی کار جەستەی ئەم ژنانە بۆتە کالایەک یاخود ئامرازێک بۆهۆکاری پێداکردنی موشتەری،لێرەدا دەبێت درک بەوە بکەین ئەم ڕیکلامانە جۆرێکی دیکەی توندو تیژین لەدژی ژن،جەنگێکی قێزەونە لەدژی پایەی وجوانی ژندابەرێوە دەچن. میدیای ئەو وڵاتانەو ژنانی چالاکخوازی ئەو وەڵاتانەش بەردەوام دژی ئەم کۆمپانیانە دەوەستن، کەهەڵدەستن بە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە ڕیکلامانە داوادەکەن لەبەرزی و پایەی ژن کەم نەکرێتەوە،بێ ڕێزی بەژن نەکرێت،ژن ڕووت نەکرێتەوە نەبێتە ئامرازێک بۆ پارە پیداکردن بۆ نموونە ڕکلام بۆ (سابون یان شامپۆ) دەکرێت کچ بەڕووتی یان نیمچە ڕووتی ڕۆڵ دەبینێت بەبیروبۆچوونی خاوەن کۆمپانیاکان ئەمە کاریگەریات بە کاردەهێنین،بەڵام ئەگەر بێتو لە ڕوێکی ترەوە سەیر بکەین بۆمان دەردەکەوێت ئەم کارە تەنها بە کۆیلە کردنی ژنە لە چوارچێوەی قاڵبی ئازادیدا دەکرێت ئەمەش بەشێکی تری توندوتیژیە دەرهەق بە ژن ئەنجام دەدری چونکە ئەم کارە تەنها دەبێتەبێ ڕێزکردنو هەرزان کردنی جەستەی ژن.

سانا سلێمان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێڕەو

# بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە!
# بۆچی هەرێم سەرژمێری ناکات؟

دیارە هەمومان دەزانین کە یەکێک لە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێراقی مادەی 140 ە ، یەکێک لە هەنگاوە سەرەکییەکانی جێ بەجێ کردنی ئەم ماددەیەش ئەنجامدانی سەرژمێرییە لەو ناوچانە بە تایبەتی و لە هەمو ئێراقدا بە گشتی، بۆ زانیاریش سەرژمێری کردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ئێراق زۆر زۆر گرنگە و کۆمەڵێک کێشەی هەڵواسراوی ئەو وڵاتەی پێ چارەسەر دەکرێت وەک: دیاریکردنی زۆرینەی دانیشتوانی کورد و عەرەب و تورکمان لە کەرکوک و کێشەی بودجەی پارێزگاکان و جێبەجێکردنێکی دادپەروەرانەی پڕۆژە خزمەت گوزارییەکان لە سەرانسەری وڵات و زۆر مەسەلەی تریش.. باشە کە بابەتی سەرژمێری کردنی دانیشتوان ئەوەندە گرنگە و یەکێکە لەو هەنگاوە بنەڕەتیانەی کە زۆرێک لە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی ئێراقی پێ چارەسەر دەکرێت بۆچی تاوەکو ئێستا حکومەتی ناوەندی ڕێگە نادات بە ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە بە تایبەتیش لە ناوچە داگیرکراوەکانی (دابڕاوەکانی) هەرێمی کوردستان دا؟! بەڵام پرسیاری لەوە گرنگتر ئەوەیە باشە ئەگەر حکومەتی ئێراقی بەمەبەست ڕێگە بەو سەرژمێریە نادات و لە دژایەتی هەرێمی کوردستاندا تادێت ئەو پرۆسەیە دوادەخات بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ و تاکلایەنە و بە بێ پرس کردن بە حکومەتی ناوەندی ئێراق دەست ناکات بە ئەنجامدانی ئەم پرۆسە گرنگە لە هەمو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بە کەرکوکیشەوە؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە گرنگی بەم بابەتە بدەین و لە ژێر فشاری شەقامدا حکومەتی هەرێم دەست بکات بەم پرۆسەیە؟! بە بڕوای من سەرژمێری دانیشتوان هەنگاوی یەکەمی دامەزراندنی حکومەتە و دەبو سەرکردایەتی کورد لە هەرێمدا هەر زوو ئەم کارەیان بکردایە و ئێستاش وەک لای هەموان ئاشکرایە وەزارەتەکانی دارایی و پلان دانان و جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان و زۆرێکی تر لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە بێ بونی ئامارێکی ورد و ڕاستی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم هەرگیز ناتوانن بە شەفافیەتەوە کار بکەن و دیارە بە بێ بونی ئەو ئامارەش گەندەڵی هەرگیز لە کوردستان بنبڕ ناکرێت.. سەرژمێری کوردستان ئەم هەمو سودە گەورەیەی هەیە و ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت حکومەتی هەرێم پێش وەخت و بەر لەوەی ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی ئێراق وەربگرێت بە زووترین کات ئامادەکاریەکانی ئەو پرۆسەیە تەواو دابین بکات و لە نزیکترین کاتدا سەرژمێری لە هەمو پارێزگاکانی کوردستاندا ئەنجام بدات.. تکایە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنە کوردیەکان دەکەین گرنگی بدەن بەم پێشنیارە.

ئازاد عەلی

سەرچاوە: دەنگی سەربەخۆ